
# مەلا بەختیار

**بەش بەحاڵی خۆم تا ئەم چرکە ساتەی قسە لەگەڵ تۆ دەکەم هیچ باوەڕم بەوە نییە (جەلال تاڵەبانی) نە عەشرەتی تاڵەبانی لا گرنگ بێت نەخزمو کەس‌وکاری خۆی لا گرنگ بێت**



**دیدار / ئاسۆ**

**نێوەند: بەڕێز کاک بەختیار ماوەیەکە لەنێو میدیاکاندا باس لە ناکۆکی دەکرێت لەنێو ڕیزەکانی (ی.ن.ک)، دەکرێت ووردەکارییەکانی ئەو کێشەیەمان بۆ باس بکەیت؟**

**مەلا بەختیار: سەرەتا سوپاس بۆئەوەی کە یەکەم پرسیارت لەسەر ئەو بابەتەیە، کە ئێستا بووەتە پرسیاری کۆمەلانی خەڵك پێش هەموو شتێك ئەمەوێت ئەوەت بۆ ڕون بکەمەوە کە تازە بیروڕای جیاواز لەناو یەکێتی‌دا دروست نەبووە، هەمیشە یەکێتی بیروڕای جیاوازی تیابووە (ی.ن.ک) هەرگیز یەك باڵ نەبووە، بەڵکو چەندین باڵ بووە کەبوو، بە (ی.ن.ک) ئاراستەی جیاوازی بیری جیاوازو ئەتوانم بڵێم پرۆژە و پێشنیاری جیاوازیش لەسەرکردایەتی یەکێتی و ئۆرگانەکانیدا هەبووە. هەرکاتێك یەکێتی باشتر خۆی هەڵبخا باشتر مامەڵە لەگەڵ جیاوازییەکانی خۆیدا بکات (ی.ن.ك) بەهێز بووە، بەپێچەوانەشەوە هەرکاتێ یەکێتی نەیتوانیبێت مامەڵەی عەقلانی وە مامەڵەی ئازادی و دیموکراسی لەگەڵ بیرو بۆچوونە جیاوازەکانی بکات، یەکێتی توشی گێرمەو کێشەو تەنگ و چەڵەمەی زۆر هاتووە بگرە جاری وا هەبووە شتی زۆر ناخۆش ڕویداوە لەناو یەکێتی‌دا، وە ئەم کێشەیەش کەڕویدا ئەتوانم بڵێم سەرئەنجامەکەی خەریکە ئەبنە مایەی بەهێزکردنی (ی.ن.ك).**

نێوەند: لەیەکێك لە ماڵپەرە کوردییەکان لەسەر ئەنتەرنێت دیدارێك لەگەڵ بەرپرسێکی (ی.ن.ك) دا کراوە، لەو دیدارەدا باس لەوە کراوە کە بەڕێزان کاك کۆسرەتو نەوشیروان و کاك عومەری سەید عەلی ڕەخنەیان لە تاڵەبانی هەبووە کە کەس وکارو نزیکەکانی خۆی وەك بایز تاڵەبانی و کاك ئاراسی شێخ جەنگی و هێرۆخان هەبووە بەتایبەتیش لە پاڤێل تاڵەبانی شتێك لەمبارەیەوە هەبووە ؟

مەلا بەختیار: یەکەم بایز تاڵەبانی خزمی مام جەلال نییە، بەڵکو عەشرەتن لەو عەشرەتەیە کە مام جەلال لەڕاستیدا ئەوەی بیری لێنەکاتەوە عەشرەتە.

دووەم پاڤێلْ هیچ جۆرە بەرپرسیارێتێکی سیاسی نییە، پاڤێلْ لە ئیشی تایبەتی کار دەکات هەموو ئەو برادەرە بەرپرسانەوە هەموو کەسێك دەزانێت کە پاڤێلْ هیچ بەرپرسیارتێکی سیاسی دیاریکراوی نییە، بەرپرسیارییەتیەکی پێشمەرگایەتی دیاریکراوی نییە. لەو کارانەی کە ئەو کردونی وەك مەسەلەی دژە تیرۆرو مەسەلەی (جند الاسلام) بووە.

منیش پاڤێلْ بناسم تاقەتی سیاسەتی نییە هەتا خۆی هەڵگرتبێ بۆ شتێکی گەورە پێم وایە من لەوبارەیەوە دەیناسمو زیاتری لەسەر ناڕۆم.

بەنیسبەت هێرۆخانیشەوە یەکەمین پێشمەرگەی ژنە کوردە لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان، یەکەمین ژنیشە کەلە دەرەوەی وڵات هاتۆتە نێو پێشمەرگەوەو ماوەتەوەو بەرگری هەموو ڕۆژگارەکانیشی گرتووە، ئەویش هەڤاڵێکی (ی.ن.ك) پۆستی ڕاگەیاندنی هەیەو سەرپەرشتی خاكو کوردستان دەکات هەروەها مندالْپارێزی کوردستانیش پێم وایە هێندەی هێرۆخان لەو هەڤاڵانە نزیکە کە یاداشتەکەیان داوە، هێندە لەخەڵکی تر نزیك نییە، بۆیە دەرکێ لەگەڵ هێرۆخان دانیشن و موناقەشە لەسەر ئەو مەسەلانە بکەن و چارەسەرێکی بکەن. سەبارەت بە شێخ ئاراسیش کە سەرپەرشتی دەزگای دارایی دەکات لەدوای کۆچی دوای کاك دارۆ، کاك ئاراس نەکراوە بە بەرپرسی ڕاستەوخۆ وە تا ئێستا مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی بڕیاری ئەوەیان نەداوە ئەو ببێت بە بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەو دەزگایە. وە تێڕوانینیشم وایە ئێستا یەکێ لەو خاڵانەی بڕیاری لەسەر دەدرێت دەزگای دارایی (ی.ن.ك) ە کێ بەرپرسیار دەبێت لێی وەهەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی شیاوی ئەوە بێت یاخود سەرکردایەتی شیاو بێت ئەوا ئەوە دادەنرێت وە شێخ ئاراس بەشێوەیەکی کاتی ئەوە دەکات.

وەکو تریش قسە بکەم من بەش بەحاڵی خۆم تا ئەم چرکە ساتەی قسە لەگەڵ تۆ دەکەم هیچ باوەڕم بەوە نی‌یە (جەلال تاڵەبانی) نە عەشرەتی تاڵەبانی لا گرنگ بێت نەخزم‌و کەس‌وکاری خۆی لا گرنگ بێت، هەرگیز باوەڕم بەو قسەیە نی‌یە کە لەدوای خۆی کەسی خۆی بەجێبهێڵێت، وە نزیک لەبنەماڵەی خۆی بۆ ئەوە حازر بکات ببنە دەزگایەکی گەورە یاخود ببنە هەیبەتێکی گەورە لەدوای خۆی لەڕوی سیاسی‌و لەڕوی ئابوری‌یەوە.

نێوەند: کاک بەختیار وەڵامی پرسیارەکەم، تۆ وەڵامی پرسیارەکەمت نەدایەوە، کە جیاوازییەکان لەسەر بنەماڵەی تاڵەبانی بووە کە پۆستی گرنگ‌و گەورەیان پێدراوە ؟

مەلا بەختیار: لەڕاستیدا من وەڵامی پرسیارەکی تۆم دایەوە، پرسیاری یەکەمت لەسەر کێشەکە بوو باسی کێشەکەم بۆ کردی، پرسیاری دووەمت لەسەر بنەماڵەی مام جەلال بوو وەڵامی بنەماڵەی مام جەلالم دایەوە.

نێوەند: کاک بەختیار بەشێك لە کێشەکە لەسەر بنەماڵەی تاڵەبانی بووە ؟

مەلا بەختیار: ئەمانەش بەشێکن لەو کێشانەی کە باس دەکرێن.

نێوەند: ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٩٧ی ١٠/٢٧ بەمانشێتی گەورە نوسیویەتی (وا چاوەڕوا دەکرێ گۆڕانی گەورە لەنێو یەکێتی و حکومەتدا ڕوو بدات). ئەکرێ وردەکارییەکانی ئەو گۆڕانکاریانە بزانین ؟

مەلا بەختیار: تا ئەم دەقیقەیەی کەمن قسە لەگەڵ تۆ دەکەم کە لەدوای مانشێتەکەی هاوڵاتی‌یە هیچ جۆرە هەنگاوێك بۆ گۆڕانکاری گەورە نەنراوە. بەڵام بیروڕای گشتی لەسەر ئەوە ساغ کراوەتەوە کە (ی.ن.ك) دەبێت پێشکەوێت دەبێت خۆی بۆ ئەگەرە گەورەکانی لەمەودوای کوردستان‌و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باشتر لەو میکانیزمەی تا ئێستای خۆی ڕووبەڕوی ڕوداوەکان بووەتەوە باشتر لەم میکانیزمە خۆی ئامادە بکات. بۆ ئەوەی ڕووبەروی گۆڕانکاریەکانی ئایندە ببێتەوە.

نێوەند: هەڵبژاردن نزیك بووتەوە لایەنە سیاسیەکان باس لە لیستی هاوبەش لەگەڵ یەکتری دەکەن، یەکگرتووی کە پارتێکی ئیسلامی‌یەو جەماوەرشی هەیە باس لەوە دەکرێت گوایە لەگەڵ پارتی‌و یەکێتی لە دانیشتدان بۆ لیستی هاوبەش، ئێوە وەك یەکێتی پرۆژەی لیستی هاوبەشتان هەیە لەگەڵ لایەنەکاندا ؟

مەلا بەختیار: یەکگرتووی ئیسلامی هێزێکی سیاسی‌یە سەربەخۆن و سەرپشکن لەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی یاخود پارتی یان هەر حیزبێکی تر بکەن. ئێمە وەکو یەکێتی تا ئێستا دوا بڕیارمان لەسەر ئەوە نەداوە کە بەچ لیستێك دادەبەزین وە لەگەڵ چ هێزێك ڕێدەکەوین، بەڵام دەرگاکانی گفتوگۆی ئێمەش لەسەر پشتە.

نێوەند: بۆ ئیسلامیەکانیش ؟

مەلا بەختیار: بۆ هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەرگاکانی ئێمە لەسەر پشتە لەگەڵ هەموو لایەنە ئیسلامیەکان و بەعەلمانی‌و دیموکراتیشەوە بۆئەوەی هەر یەکە بەپێی قەبارەی خۆی و بەپێ‌ی پێویستی خۆی لە کۆمەڵگای کوردی دا بەپێ‌ی ئەو دەورەی کە ئەبێت لە کۆمەڵگەکەدا گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین. لیستی ئێمە و ڕێبازی ئێمە ستراتیژی ئێمە، پەیام‌و پەیمانی ئێمە، پەیامی دیموکراسی ئازادی‌و عەلمانی‌یە هەر حیزبێك لەگەڵ ئێمە ڕێك بکەوێت عەلمانی بێت ئەوە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ‌هێناوە، وە هەر حزبێك ئیسلامی بێت لەگەڵ ئێمە ڕێك بکەوێت واتای ئەوەیە هاتۆتە سەر ئەو خەتەی ئێمەو ئێمەش سوپاسی دەکەین.

نێوەند: ڕۆژی پێشووی ١٠/٢٦ جەنابتان لەگەڵ وەفدێکی باڵا بەسەرۆکایەتی تاڵەبانی چون بۆ مەسیف سەلاحەدین و لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا کۆبونەوە دوای کۆبونەوەکە، تاڵەبانی و بارزانی لێدوانیان دا کە کۆبوونەوەکان ئیجابی بوون، پرسیارەکەم ئەوەیە کە دوای هەموو کۆبوونەوەکان دەڵێن ئیجابی بووە، بەڵام ورەدەکاریەکان بۆ میدیاکان‌و ڕای گشتی باس ناکرێن بۆ ؟

مەلا بەختیار: لەسەر ئاستی عێراق دەتوانم بڵێم لە ٩٠٪ بیرو بۆچوونەکانمان وەك یەك بوو کە ئێمە لەسەر ئاستی عێراق چۆن خەبات بکەین و وڵاتەکە کە ببێت بە وڵاتێکی دیموکراسی دەستورێکی دیموکراسی بێت و مافەکانی کورد لەناو ئەو دەستوردا چۆن دەستەبەر بکەین، پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی چواردەورو لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا لەم بارەیەوە هیچ جیاوازیەکمان نەبوو لە ٤ مانگی ئاینده ڕەنگە یەکەمین کەس بیت کە تۆ بیزانیت بۆ تۆو ڕۆژنامەکەت باشە کۆبونەوەیەکی فراوان نزیکەی ١٠٠ نوێنەر لە کۆبوونەوەکە بەشدار دەبن لەحیزبە سیاسیەکانی عێراق و کەسایەتی عێراق‌و بانگهێشتی سەرۆك کۆماری کاتی عێراقی فیدراڵ و سەرۆك وەزیرانیش دەکرێت لەو کۆبوونەوەیەدا ڕاوێژ دەکەین لەسەر ئەوەی بزانین چی بکەین، ئایا ئێمە دەتوانین

لیستی هاوبەش لەسەر ئاستی عێراق گەلاَڵە بکەین، دەتوانین لەسەر ئاستی کوردستان وەك کورد لیستی هاوبەش بکەین ئێمە چۆن بتوانین مەسەلە دیموکراتیەکان لە عێراق لەبەرچاو بگرین‌و هەم مەسەلەی مافی کوردو ڕێژەی دەنگی کورد لە پەرلەمانی ئایندەی عێراق مسۆگەر بکەین‌و چۆنیەتی چەسپاندنی مافەدەستوریەکانی کورد لە دەستوری ئایندەی عێراق ئەمانە خەمی ئێمەن بۆیە ئەو کۆبوونەوە ڕاوێژکاریانە دەکرێن‌و کۆبوونەوەکان بەردەوام دەبن لەنێوان پارتی‌و یەکێتی.
بۆئەوەی بتوانین ئەو مەسەلانە باس بکەین، ئەمە لەسەر ئاستی عێراق، لەسەر ئاستی کوردستانیش لە هەفتەی ئایندە هەم ئێمە دوا بیروبۆچوونی خۆمان ساغ دەکەینەوە هەم پارتیش، لەدوای ئەوە بەڕێزان کۆسرەت ڕەسوڵ‌و فازل میرانی دانراون کە بیروڕای چۆنیەتی یەکخستنی حکومەتەکان‌و مەسەلەی هەڵبژاردن لەنێوان خۆیاندا تاووتوێ بکەن‌و پرۆژەیەك ئامادە بکەن‌و پێشکەشی هەردوو حیزبەکەی بکەن‌و ئەوانیش لەسەری دادەنیشن‌و دوا بڕیار لەسەر مەسەلەی کوردستانیش دەدەین.
نێوند: گوایە یەکێتی‌و پارتی پارەیەکی زۆریان خەرج کردووە لەکڕینی بالاَخانەی زۆر لەبەغداد باشە ئەو پارەە کە لەبەغدا خەرج کراوە بۆ کەرکوك خەرج بکرایە کاری تەعریب کۆتایی پی‌ێنەدەهات.
مەلا بەختیار: من پێم وایە ئەوەی لە کەرکوك خەرج کراوە بەنجا بەرامبەر ئەوەیە کە لەبەغدا خەرج کراوە، ئەو زانیاریاریە هەڵەیە.
نێوەند: پرۆسەی هەڵبژاردن لەپێشدا لە کوردستان بکرایە باشتر نەبوو، بۆ ئێمەی کورد بۆ خۆمان تەسلیم بە ناوەند کرد.
مەلا بەختیار: ئێمە دوێنێ باسمان کرد هەتا کاتی خۆی سەفیری ئەمریکی هات‌و خەڵکی تریش هات داوامان کرد کە هەلبژاردنی کوردستان پێش بخرێت بەلاَم دوای ئەوەی کە بارودۆخەکەمان لێکدایەوە ئەم گێرمەو کێشانە کە ئێستا لەبەغدا هەیە شیعە بەجۆرێك بیری لێ دەکاتەوە و سوننە بە جۆرێك و حیزبە عەلمانیەکان بە جۆرێکی تر دوێنێ بیرمان لێکردەوە بەپێچەوانەوە دوا بکەوین باشترە بۆ ئێمەی کورد چونکە دەمانەوێت بزانین بارودۆخەکە بۆ کوێ دەڕوات وەئێستاش بەیەکەوە دەکرێت وەکویەك.